## ئەمیر حەسەن بۆ گوڵان:

# مۆزیک تاکە پردی لێک تێگەیشتنە لەنێوان میللەتاندا



**ئـەو زەمەنێکە ونە و کاری هونـەری نابینرێت لەکاتێکدا لە سـاڵانی نەوەدەکاندا ئەو خزمەتگەلێکی زۆری پێشکەشـی هونەری گۆرانی کوردی کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پێگەیەکی باش بۆخۆی لە هونەری کورددیدا دروسـت بکات، ئەمیر دوای بێدەنگییەکی زۆر بە کۆمەڵێك بەرهەمی نوێ و کلیپی تازەوە دێتەوە خزمەتی گۆرانی کوردی کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەمیر هێشتا ئەمرۆش رۆحی هەر لە کوردسـتانە. هونەرمەند ئەمیر برای هونەرمەند ماهیر حەسەنە. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

**دیمانە: سۆران مارف کەریم**

**لە بەرایی دیمانەکە گۆرانیبێژ ئەمیر حەسـەن وتی:** سـەرەتای کاری هونەریـم بریتیبوو لە هونەری شانۆ لە ساڵەکانی 1985 تا کۆتایی سـاڵی 1990، پاشـان ئاوێتەبوونم لەگەڵ هونەری گۆرانی لە سـەرەتای ساڵی 1991 لەگـەڵ تیپی فۆلکلۆری کوردی سـلێمانی بەسەرپەرشـتی کاک سەباح سـەنتوور دەستم پێکرد. پاشـان تیپی مۆسیقای شادم دامەزراند تا ساڵی 2000 بەردەوام بووم.

*** لەسـەرەتای نەوەدەکانـدا کۆمەڵێك گروپی هونەری میللی کاری باش و خزمەتی دیاریان بە هونەری کوردی کرد، ئیستا کۆمەڵێك گەنجی تر لەو بوارەدا خزمەت و بوونیان هەیە بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، تۆ جیاوازی و ئەرکی ئەوان لەم زەمەنە چۆن دەبینی لەکاتێکدا کەسانێك هەن پێیانوایە کارەکانی تیپە میللییەکانی ئەم زەمەنە زوو دەمرن و کاری جددی نین؟**

- راسـتە ئێمـە کاتی خـۆی کاری زۆرمان کـردووە، ئەمەش ئـەوە ناگەیەنێـت ئەوکاتە کارەکان هەمووی باش بووبن بگرە ئێستا کاری زۆرجوان و ئەکادیمی دەبینین، بەڵام هەر دەبێت رێزێک بـۆ کاری رابـردوو دابنرێت، چونکە هەمووکارەکانی ئەوسەردەمەمە تەنیا بەخشین بووە.

***لـە دوای راپەڕین ناوێکی باش و پێگەیەکی دیارتان هەبوو لە هونەری کوردیدا کەچی دوای سـەفەر کردنتان بۆ ئەوروپا ئەو نازناوە بەرە بەرە رووی لە کزی کرد، پرسـیار ئەوەیە بۆچی ئێوە لە دەرەوەی وڵات لەم چەند سـاڵەدا نەتانتوانیوە چەند بەرهەمێك پێشکەش بکەن لە کاتێکدا هونەرمەندانی تر کاری دیاریان هەبووە؟**

- دوورکەوتنـەوەم لەهونەر لەبەر چەند هۆیەك بوو، لەوانە لەبـەر چاوەڕوانی و دامەزراندنم لە نەمسـا هەروەها بە دوایدا کێشەی تەندروستی منداڵەکەم زۆر سـەرقاڵی کـردم کە زیاتر لە دوو سـاڵ لە خەمی چارەسـەرکردنیدا بووم. هۆکاری سـێهەمیش، لەوڵاتی نەمسـا دەژیم کـە زۆر زەحمەتـە بتوانیـت موزیکژەن کۆ بکەیتـەوە" دەتوانـم بڵێم هەر نییـە. ئەمکارە تازانەش بڕوا دەکەم زۆربەیان لە وڵاتی ئەڵمانیا و سوید دەکرێن" هۆکارەکەش ئاشکرایە، بۆیە دەستخۆشی لە هەموویان دەکەم.

*** لە تاراوگە پردی لێکگەیشـتن هەیە لەنێوان ئێوە و هونەرمەندانی ناوەوەی کوردستان؟**

-دەتوانیـن بڵێیـن موزیك تاکـە پردی لێک تێگەیشـتنە لەنێـوان میللەتانـدا، بێگومان کوردیش لەم وڵاتە کەم تا زۆر ئەو پێوەندییەی دروسـتکردووە، لە رێگەی کەسـانی شارەزا لەو بوارە، بۆ نموونەش بەشـداریکردنی گروپە مۆسیقیە بەتواناکانی کوردستان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانی ئەوروپا بەتایبەتی نەمسـا کە چەند جار پلەی باشیان بەدەست هێناوە و مایەی دەستخۆشییە.

*** کێشـە و ئاسـتەنگەکانی ئێوەی هونەرمەند چین لە ئەوروپا؟**

- راسـتە مـن لە وڵاتێکی جوان و پڕ یاسـا و مانـای بەهای مرۆڤایەتی و پـڕ خزمەتگوزاریدا دەژیم، بەڵام هەموومـان بەشـی خۆمان کێشـەمان هەیە، کێشەکانیشـمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دوورین لە نیشـتمانی دایک، واتا بڕوا ناکەم هیچ کێشـەیەک هێندەی ئەو دوورییە بە ئازار بێت، رەنگە بڕوا بـە ئێمە نەکرێت، بەڵام زۆرن ئەو کەسـانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ باوەشـی دایک.

***تا چەند رەوەندی کورد لەو وڵاتە پێشوازی لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانتان دەکەن؟**

-سەبارەت بە کۆنسـێرت بەداخەوە دەتوانم بڵێم کـە زۆر کەمە، بۆ ئاهەنگەکانیش سـاڵانی رابردوو بە گەرمی پێشـوازی لە ئاهەنگەکان دەکرا، بەڵام وا بۆ چەند ساڵێکە کۆمپانیاکان هەڵدەستن بە سازدانی ئەو ئاهەنگانە لەبەر ئەوەی زیاتر بیر لە هۆکارە بازرگانییەکەی دەکرێتەوە، جەماوەر تـا رادەیەک رەنجاون یان تۆراون لەو ئاهەنگانە، هۆکاریش هێنانی گۆرانیبێژی زۆر و گرتنی هۆڵی بچووک. یان فرۆشتنی بلیت بە نرخێکی گران یان روودانی ئاژاوە.

*** هەندێك کەس باسی قەیرانی هونەری کوردی دەکەن، تۆ قەیرانی گۆرانی و موزیکی کوردیدا لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- ناتوانـم بڵێم هونـەری گۆرانی کوردی لە قەیراندایە، چونکە هەوڵدان بۆ تازەگەریی بریتی نییـە لە قەیران،



بەڵام ئەو هۆکارانەی کە ئەو پرسیارەی لای رەخنەگران و خەڵکی دروستکردووە، بە بۆچوونی من بوونی هەندێک کلیپە کە بە شێوازێکی نەشیاو دێتە بەرهەم دوور لە هۆنراوە و کولتووری کوردی، یان کۆپیکردنی بەرهەمێکی بیانی وەک خۆی.

*** ئایا خۆبەستنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەسە بۆ ئەوەی هونەری کوردی بەرەو پێش بەرین؟**

- بە بۆچوونی من هونەر هیچ سنوورێکی بۆ نییە تا بیبەستینەوە بە فۆلکلۆرێکەوە کە رەنگە هێشتا زۆر کەسانی پسپۆر نەزانن فۆلکلۆری کوردی لە کوێوە هاتووە، چەندی هی خۆمانەو چەندی هی بێگانەیە، پێم باشە ئەوەی کە هەیەو بە موڵکی فۆلکلۆری کوردی ناسراوە، بپارێزرێت و نەشێوێنرێت. دەپرسم کێ دەتوانێت فۆلکلۆر و گۆرانی و مۆسیقای کوردی بنووسێتەوە و بیکاتە پەرتوکێک و بخرێتە ناو سیستەمی خوێندنەوە؟ دەکرێت!! هۆکاری نەکردنی چییە، بەڵام وەبیرهێنانەوەی وشەی فۆلکلۆر بڕوا دەکەم تەنیا بۆ رەخنە گرتن بێت بۆ ئەم گەنجانەی تازە سەرهەڵدەدەن، رەنگە پاش قۆناغێکی تر گۆرانییەکانی وەک دیاری قەرەداغی و عەبدولقادر زاخۆیی و زیاد ئەسعەد. چەندانی تر بچنە قاڵبی فۆلکلۆرەوە. لەبەر ئەوە دەبێت هەزاران رەحمەت بۆ ئەو کەڵە هونەرمەندانەی وەک حەسەن زیرەک، رەشۆڵ، عەلی مەردان، محەمەد عارف جزراوی بنێرین کە ئەو کارە بەتوانایەیان کرد، بەڵام ئێستاش جۆری مقامەکان هەرماون و هەر دەشمێنن کە کاریان لەسەر بکرێت و بەردەوام کار دەکرێت.

*** تاچەند توانیووتانە لە تاراوگە ناسنامەی کوردبوونی خۆتان بسەلمێنن؟**

- زۆرن ئەو کوردانەی وان لە تاراوگە و بیرو هۆشیان هەر لە کوردستانە، هێندەی من ئاگاداربم لە تاراوگە هەردەم هەست بە برینی ئەو وڵاتە کراوە، شانازی بە نیشتمان و زمانی کوردیشمانەوە دەکەین.

*** کەناڵەکانی ئێمە بەگشتی لە رووی گرنگیدان بە کلیپەوە لاوازن، واتە ئەو کلیپانەی پێشکەش دەکرێن هەندێکیان خزمەت بە هونەری کوردی ناکەن، تۆ بۆ داهاتووی ئەمە چۆن قسە دەکەی؟**

- منیش کەناڵەکان بە کەمتەرخەمیان دەزانم، بەڵام داخ لەوەدایە هەر ئەو کەناڵانە خۆیان بوون هەزارەها دۆلاریان بۆ ئەو گۆرانیانە خەرجەکرد کە هۆکاری شێواندن بوون، پاشان ئەگەر کەناڵەکان خۆیان نەزانن کام کلیپ خزمەت بەهونەری کوردی دەکات و کامەش شێواندنە لە رێگەی کەسانی پسپۆر و شارەزا، ئێمە چۆن ئاگاداربین لەو بەرهەمانە، وابزانم ئەو پارانەش هی ئەو خەڵکە ستەمدیدەیە کە ئەویش شایانی لێپرسینەوە بوو.

*** هەندێك پێیانوایە کەوا حکومەتی کوردستان زیاتر گرنگی و بایەخی بۆ هونەرمەندانی دەرەوەی وڵاتە، تۆ لەم روانگەیەوە چیت هەیە؟**

-پێم باشە ئەگەر گرنگی بە هەردوولا بدرێت، چونکە کەسیان کەمتەرخەم نین لە خزمەت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدانیم بێجگە لە کورد خزمەتی کەسانی تر بکرێت، چونکە کەس خزمەتی هونەرمەندی کوردی نەکردووە، بەڵام بەڕای من هونەرمەندانی وڵات زیاتر شایانی خزمەت و پاداشتن.

*** بیرتان لەوە نەکردۆتەوە بۆ مەبەستی ئاهەنگ و بەرنامەی هونەری لە کوردستان بگەڕێنەوە؟**

-بێگومان وەک هەموو کوردێک حەز دەکەم سەردانی وڵاتەکەم بکەم و ئاهەنگ بکەم، بەس بە مەرجێ بۆنەیەکی نەتەوەیی بێت، بەڵام بەڵێنی کۆنسێرت نادەم، چونکە ئەوەندەی من بزانم ئاسان نییە.



# عەمرو مستەفا:

# حەز دەکەم کوردستان ببینم



عەمرو مستەفا هونەرمەند و ئاوازدانەری ناوداری میسرێ لە وەڵامی پرسیارێکی (گوڵان) دا کە ئایا بەنیاز نییە بێتە کوردستان؟ وتی: زۆر حەز دەکەم کوردستان ببینم و هیوادارم بەم نزیکانە بتوانم سەردانی کوردستان و عێراق بکەم بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتێك. ئێستا کارەکانی ئەلبوومە نوێیەکەی عەمرو مستەفا تەواو بووە و دوای کۆتایی هاتنی مانگی ڕەمەزان بڵاوی دەکاتەوە. یەکەم کاری عەمرو مستەفا لەجیهانی هونەردا دانانی ئاوازی گۆرانیەك (خلیك فاكرنی) بوو لە ساڵی 2000 و بەهۆیەوە وەك ئاوازدانەر ناسرا و لەماوەی ئەو دە ساڵەی دواییدا زیاتر لە 200 ئاوازی هەیە لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی عەرەب وەك هەیفا وەهبی، نەوال زوغبی، ئەساڵە نەسرێ، سەمیرە سەعید، وەردەی جەزائیری، سامو زین، شەزا، محەمەد حەماقی، رولا سەعد، کارول سەماحە، ئیهاب تۆفیق، مایا نەسرێ هەروەها نزیکەی 50 ئاوازی بۆ عەمرو دیاب داناوە. ئاوازەکانی ستایلێکی تایبەتیان هەیە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی ئاوازەکانی بۆ زمانەکانی دیکە بەکار بهێندرێت و هونەرمەندانی بیانی بەتایبەتی ئەوروپا بۆ گۆرانیەکانیان سوود لە ئاوازەکانی وەربگرن، هەموو ئەو ئاوازانەش بە دەنگی عەمرو دیاب کراونەتە گۆرانی. لەڕووی گۆرانی وتنەوە خاوەنی سێ ئەلبوومی گۆرانییە و نوێترین ئەلبوومی بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە. عەمرو مستەفا سەرەتا تەنیا وەك ئاوازدانەر ناسرابوو، بەڵام دوای ئەوەی گۆرانیەکی بڵاوکردەوە جەماوەری زیاتر بوو و داوایان لێکرد کە ئەلبوومێکی تەواو بڵاو بکاتەوە. هەفتەی رابردوو لە کۆنسێرتی عەمرو دیاب بەشدار بوو، عەمرو دیاب داوای لە جەماوەرەکەی کرد پێشوازی لە عەمرو مستەفا بکەن و گۆرانیان وت بەیەکەوە و وتی عەمرو مستەفا باشترین ئاوازدانەری عەرەبە. ئێستاش چوارچێوەی کارەکانی عەمرو مستەفا فراوانتر بووە و بەنیازە لەسەر داوای گروپێکی هونەری سویدی ئاواز بۆ ئەلبوومەکەیان دابنێت.

## ئەلبوومێکی نوێی مایکل جاکسۆن لە مانگی نۆڤەمبەر



جاکی جاکسۆنی هونەرمەند و برای ئەستێرەی کۆچکردووی پۆپ مایکل جاکسۆن ئێستا خەریکی هەڵبژاردنی چەند گۆرانیەکی مایکل جاکسۆنە کە پێشتر بڵاو نەکرابوونەوە بۆ ئەوەی بیکاتە ئەلبومێك و لەمانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵ بڵاوی بکاتەوە. ئەو هەنگاوە بە یارمەتی بەرهەمهێنەری ئەلبوومەکانی مایکل جاکسۆن دەبێت بۆ ئەوەی هەوادارنی لەوەرزی پاییزدا بەو ئەلبوومە نوێیە ئاشنا بن. بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەهاوینی ساڵی رابردوو ئەستێرەی جیهانی مایکل جاکسۆن کۆچی دوایی کرد



# دوای سێزدە ڕۆژ لیندسی لۆهان ئازاد کرا

دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لیندسی یۆهانیان لەبەندیخانە ئازاد کرد دوای مانەوەی تەنیا سێزدە ڕۆژ هەرچەندە سەرەتا بڕیار بوو سێ مانگ بەند بکرێت. لۆهانی ئەستێرەی هۆلیۆد تەمەن 24 ساڵ ڕۆژی 20ی مانگی ڕابردوو بەند کرا بۆ ماوەی 90 ڕۆژ، بەڵام بە بڕیاری دادگای باڵای لۆس ئەنجلۆس ئازاد کرا. دادگا هۆکاری ئازادکردنی بۆ باشتر بوونی ڕەفتاری لیندسی لۆهان گەڕاندەوە و بڕیاری داوە لەمەودوا زیاتر بە خۆیدا بچێتەوە. دینا لۆهان دایکی لیندسی رای گەیاند کە ناوبانگ کاری کردۆتە سەر کچەکەی و ئەگەر ناودار نەبووایە هەرگیز بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرا.



## ڕاغب عەلامە:من لە شاکیرا بەناوبانگترم

ئەستێرەی لوبنانی ڕاغب عەلامە ئەوەی رەتکردەوە کە هەوڵی دابێت دەنگی بگاتە شاکیرا بۆ ئەوەی گۆرانی دیۆتۆ بەیەکەوە بڵێن، بەڵکو شاکیرا پێوەندی بە بەڕێوەبەری کارەکانی کردووە و بیرۆکەی گۆرانییەکی دیۆتۆی پێشکەش کردووە. راغب وتی شاکیرا دەیەوێت لە وڵاتە عەرەبییەکان جەماوەری زیاتر بێت، بۆیە دەیەوێت گۆرانی لەگەڵ منش بڵێت. لەماوەی رابردوو زۆربەی رۆژنامە عەرەبییەکان ئەوەیان بڵاو کردەوە کە راغب عەلامە داوای لە شاکیرا کردووە گۆرانییەك بەیەکەوە بڵێن، بەڵام شاکیرا رەتی کردەوە بەو پێیەی ئەو کارە هیچ سوودی نییە بۆ زیاتر بوونی رێژەی جەماوەری و ئەو لە هەموو دنیا جەماوەری خۆی هەیە. لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی راغب وتی من لە شاکیرا ناودارترم هێرشی توندی کرایە سەر تەنانەت لە رۆژنامەکانی وڵاتەکەشی بەو پێیەی ئێستا راغب عەلامە وەك جاران نییە و بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت لەگەڵ شاکیرا لەبەر ئەوەی شاکیرا جیهانییە و راغب تەنیا لە وڵاتە عەرەبییەکان ناسراوە.

